# ڕاستە سوێندت خواردووە, بەڵام هەر مەسعود بەرزانیت!

**محـــەمەد غەفـــور**

مەسعود بەرزانی لەکۆبوونەوەی لەگەڵ لێپرسراوانی مەڵبەندی 3 سێی یەکێتی نیشتمانی ولقی 2دوو و16شانزەی پارتیدا لەڕۆژی یەکشەممە18-9-2005لەشاری هەولێر ووتی:"سویندم خواردووە کەبەیەك چاو سەیری هەموو خەڵکی کوردستان بکەم"! هەرچەندە ئەگەر ئەم کۆبوونەوەیە وئەم سوێندخواردنەی بەرزانی "جەولەیەکی دیکەی لەخولی دووەمی برایەتییکردنی درۆیینەنەی نێوان ئەم دوو حیزبەی بەڕێکردبێت، دوای نزیك بە9ساڵ لەدوژمنایەتی وجەنگی گەرم وساردیان"، بەڵام مانای سیاسی ونامەی سیاسی ئەم قەسەمە مێژوویییەی بەرزانی بەقەد پووشێك بۆ خەڵکی کوردستان نرخی نییە.

لەبنەڕەتدا ئەم دوو حیزبە دوو دیاردەی ناتەبا ودژبەیەکبوون، وفەلسەفەی بوونیان نەفیکردنەوە وتەصفیەکردنی ئەم بۆ ئەوی تریان بووە لەپێناوی گرتنەدەستی جڵەوی ڕابەرایەتی بزووتنەوەی کوردایەتیدا. یەکێکیان نوینەرایەتی ئەمسەری ئەو بزووتنەوەیە دەکات وئەوی تریشیان نوێنەری سەرەکەی دیکەی. وەکو سارد وگەرمی کارەبایان بەسەرهاتووە. هەتا لەیەك نزیکتربېنەوە قەومانی کارەسات نزیکتردەبێتەوە. کەلەیەکتریش دوور دەبن بەتەنها هیچیان جێگایەکی عەجایەب داگیرناکەن لەسیاسەتی ڕۆژدا جگەلە نۆکەری. شەڕیش دەکەن وبراشن! بزووتنەوەیەك کەئەمانە نوێنەرایەتی دەکەن، یانی کوردایەتی، خۆی لەئەوەڵەوە مایەی کوێرەوەری وسەرگەردانی وکارەسات بووە بۆ خەڵکی کوردستان. چ جای ئەوە کەهەریەك لەوان بۆ خۆشیان مایەی مەشەقەت وخوینڕشتن ودەربەدەریی بوون. ئەم دوو حیزبە لەپێناوی مەرامی سیاسی خۆیاندا دەستیانبردووە بۆ پیسترین ونزمترین کاری جاسووسی ونۆکەری. تاساڵی 994پێکەوە حکومەتۆچکەی کوردییان پێکەوەنا، وبۆ خەڵك مانایەکی نەبوو جگەلە سەرگەردانی وبێکاری. کەبرایەتیان تێکچوو 4ساڵ جەنگی ناوخۆیان کردبەقوڕگی خەڵکدا. پاش چەندصەد جەولە بۆ نزیکبوونەوە وبرایەتی، فەشەلی موتڵەقیان هێنا. کەمەسەلەی داگیرکردنی عیراق لەئاجندەی سیاسی ئەمریکادا هاتەبەرەوە، یەکسەر ئامادەیی تەواوی نۆکەرییان بۆی ڕاگەیاند، وعێراقیان بەم ڕۆژەگەیاند کەدەیبینین.

ئێستاش کەسیاسەت ونەخشەکانی ئەمریکا بەرەوشکست ڕێگادەپێون، ودیموکراسیەکەی گۆڕاوە بۆ باشترین هێلانەی پەروباڵگرتنی جرۆجانەوەری ئیسلامی وقەومی وعەشیرەیی، ڕەنگدانەوەشی لەسەر ژیانی خەڵکی عیراق وکۆمەڵگا ئەو سیناریۆ کارەستبارەیە کەئارامی وئاسایش ومەدەنییەتی لەڕەگەوە دەرهێناوە. ئەم دوو حیزبە بۆ دوو ئامانج جەولەیەکی تازەیان لەخولی برایەتیکردنی نێوانیان دەستپێکردووە: یەکەم، ئەوان بۆ بنیاتنانەوەی عێراقێکی ئیسلامی-عەروبی فاشیانە، سەوداو مامەڵەی فرۆشتنی مەسەلەی کوردیان براندۆتەوە، ودەستیانخستۆتە ناو دەستی ئیسلامی سیاسییەوە. لەجێگای سەربەخۆیی ورزگاری کوردستان، فیدرالییەتێکیان بەدەمەوەگرتووە کەلەحوکمەزاتییەکەی 11ئازاری974 باشتر نیە. وەبەبێ پرس وڕا بەخەڵکی کوردستان دەڵێن، هەرچەند خەڵك دەنگیان بۆ سەربەخۆیی داوە، بەڵام ئێمە دەزانین مافی کورد(کەهیچ مانایەکی نییە جگە لەدرێژەدان بەدەسەڵات وسەروەری وژیانی فیرعەونییان لەکوردستان لەلایەك، ولەولاشەوە بەکاربردنی مەسەلەی کورد بەهەڵواسراوی وبۆسات وسەوداپێوەکردنی) لەچوارچێوەی عیراقدا بەدی دێت. هەتا بەمجۆرە سەرکوتی خواستی سەربەخۆیی بکەن. دووەم، لەپێناوی گەرمراگرتنی بازاڕ ودووکانی بزووتنەوەی کوردایەتیدا، وەبەمەبەستی تەوقکردنی زەین وهۆش وئیرادەی خەڵکی کوردستان وجڵەوکردنیان لەپشتی خۆیانەوە، هەتابۆ سازکردنی سیناریۆ کۆنەپەرستانەکانیان لەچەشنی ئەو گاڵتەجاڕەی بڕیارە بۆ دەستووری عیراق بەرپابکرێت بیانکەنە زەخیرە.

جێگای سەرسوڕمان نییە کەکوردایەتی وەکو بزووتنەوەیەکی قەومیی کۆنەپەرستانە، بەدرێژایی زیاتر لە60ساڵ ڕابەرانێکی نەزان وجاهیلی لەچەشنی بەرزانی دەرهاویشتبێت. ئەم بزووتنەوەیە خۆی بەرلەهەر شتێك بزووتنەوەیەکی ناسیونال-عەشیرەییە کەتیۆری سیاسی ومیتۆدی ڕێبازەکەی دەمارگیری نەتەوەچێتییە. لەمەنتیقی زانستدا بەگشتی ولەزانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بەتایبەتی، زەحمەتە بەعەقڵی کەسدا بچێت دوژمنایەتی ویەکترپرینەوەی خێڵەکیی نێوان یەکێتی وپارتی پاش ئەو هەموو چاوبەست ودرۆ ودەلەسەی یەککگرتن ویەککخستنەوەیە، کەهەمووی بێمایەبوون، بەم قەسەمەی بەرزانی کوردستان ببێتە ماستی مەییو وچیتر کەس لەکەس نەکەوێت! من تەنها بەیەك دەلیل دەڵێم ئەم سوێندخواردنەی بەرزانی پووچە ولەدرۆش بەولاوەترە، ئەویش هەرکاتێك سەرانی ئەم دوو حیزبە لەناو کۆبوونەوەی خێڵەکانی خۆیاندا، بەیەکترییان نەووت: مەلایی وجەلالیی، دەکرێت تەحەجوری فیکری قەومی کورد لەژێر جامانەدا سەخڵەت ببێت!

بەڵام سوینخواردن دادتان نادات. دەستان کەوتۆتەڕوو. خەڵك لێتان بێزارە وهاتوونەتەمەیدان. هەرچەندە ئیستیبدادی ئیمارەتی ئێوە(بەرزان) هێشتا شەقنەکراوە، وڕق وناڕەزایەتی خەڵکی ناوچەکانی هەولێر وبادینان پۆنگی خواردۆتەوە. بەڵام بزووتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری ڕێگایەکی دیکەی لەپێش نییە، جگە لەهاتنەمەیدان لەدژی هەردوولاتان. گەندەڵیی ئیدارەکانتان ڕۆژانە مەرگی موحەقەق دەکات بەدڵ ودەروونی خۆیان ونەوەکانیاندا.

**ئێوەش لەکۆشکی شاهانەدان. ئیتر بەسە. ئەم بارودۆخە دەبێ تەواوببێت. لەڕانیەوە تاکەلار وسلێمانی، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق لەپێشەوەی ناڕەزایەتی وخۆپیشاندانی جەماوەریدا لەمەیداندایە. کوردایەتی تەواو بوو. تاقی کرایەوە. ئیتر نۆرەی ئیمەیە، یانی خەڵك وکۆمۆنیزمی کرێکاری. خەڵکینە لەدژی فیرعەونەکانی کوردستان ڕاپەڕن. ئەم حیزبەی خۆتان بەدەستەوەبگرن.**

2005-9-21